# پرۆژەی دەستوورو هەندێ گۆڕانکاری پێویست

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان
پارێزەر تاریق جامباز

بۆ یەکەمین جارە کە دەستوورێک لە بەشێکی کوردستاندا لە لایەن پێکهاتەکانی لایەنەکانی سیاسی، نەتەوایەتی و ئایینی گەلی کوردستانەوە بنووسرێتەوەو، ئەو (١٩) کەسەی کە لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری کوردستانیان پێک دەهێنا لە ئەندامانی پەرلەمان و پسپۆرو لێزانان لەدەوری پەرلەمانیش بەشدارییان کردووە لەماوەی ساڵێکدا بەو پرۆژەی بڕیارەداچوونەوە، کە لە ٢٠٠٢/١١/٧ لەنێو هۆڵی پەرلەماندا تاوتۆکراوە ٣٦حزب و لایەنی سیاسی رەزامەندییان لەسەری دەربڕی و ئەو پرۆژەیە لە ٧٨ مادە پێک دەهات و لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری کوردستان بەبڕیارێکی پەرلەمان لە ٢٠٠٥/٩/١٦ یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی بەست و لەو ماوەیەدا بەردەوام لەسەر کۆبوونەوەکانی وەرگرتنی راو بۆچوون و پێشنیاز و دیتنی (راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنی یا ناردنی یاداشت و داواکاری.. هتد. کە ژمارەی سەرجەمیان نزیکەی پێنج هەزار دەبوو هەر هەموویان لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی پێداچوونەوە دەخوێندرانەوە و قسەو باسیان لەسەر دەکرا و ئەوانەی بەپێویست زانرا ئەوا لەنێو پرۆژەی دەستوورەکە دادەنرا و لە نووسینەوەیدا هەوڵ دراوە کە گشت توێژ و چین و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان لەنێو مادەو برگەکانی دەستووردا رەنگ بداتەوەو جیاوازی ئەو پرۆژەیە، کە لە ٢٠٠٦/٩/٢٤ لەنێو هۆڵی پەرلەمان خوێندرایەوە بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی لە ٢٠٠٦/١١/٧دا لەم خاڵانەی خوارەوە بەدی دەکرێت:

١- ناوی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان - عێراق گۆڕدرا بە ناوی پەرلەمانی کوردستان،

چونکە بەو ناوە ناسراوە و ناو دەهێنرێ و دوو وشەش دەکرێ بەیەک وشە (ئەنجوومەنی نیشتیمانی بە پەرلەمان) و لە زۆر وڵاتان و هەرێمەکان پەرلەمانیان بە یەک وشە دەناسرێ (دۆما) لە رووسیا و (کۆنگرێس) لە ئەمریکا.

٢- پرۆژەی بریاری ساڵرۆژی ٢٠٠٦/١١/٧ لە ٧٨ مادە پێک دەهات، بەڵام پرۆژەی دەستووری کوردستانی نوێ کە لە ١٦٠ مادە خۆی دەنوێنێ کە ٨٢ مادەو ٢٨ برگە پتر فراوانترەو جەخت چاکتر لەسەر تایبەتمەندی گەلی کوردستان دەکاتەوە بەتایبەتی دوای رووخانی رژێمی بەعسیزم.. راشکاوانەو کراوەتر و وردتر و قووڵتر باسی سنوور و مافی چارەی خۆنووسین و پێشمەرگەو زمان و ئایین و ئازادی تاک و کۆمەڵ و مافی ژن نەک تەنیا ٢٥٪ بۆ پەرلەمان، بەڵکو لە هەموو بوارو پلەو پایەکاندا لەگەڵ پیاو یەکسانن و چەندین مادەیان بۆ تەرخان کراوە، هەروەها پەیوەندی و سامانی سروشتی و .. هتد. زۆر بواری دیکە باسیان لێوە کراوە هەرە بەرچاوترینیان پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان وشەی (یەکسان) بەپێچەوانەی (بەشداری)، کە لە دەستووری عێراقی فیدراڵیدا هاتووە بەکارهێنر اوە و نابێ بەهیچ بیانوو هەنجەتێک سیستەمی فیدراڵی دیموکراسی و فرەلایەنی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئاڵوگۆری ئاشتییانەی دەسەڵات بگۆڕدرێ، چونکە عێراقی نوێ واتە بەرەو پێشەوە و هەنگاو نان و بنیاتنانی عێراقی فیدراڵی لە چەندان هەرێم و لەدوا رۆژیشدا ئەنجوومەنی هەرێمەکان لەتەک ئەنجوومەنی نوێنەران پێک دەهێندرێ.

٣- ئەو بەشانەی کە ٤٠٪ کوردستانن بەبڕیاری ستەم و زۆردارانە لە کوردستان دابڕێندراون بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی دیموگرافی و مێژوویی و جوگرافی بەشێکی دانەبڕاون لە کوردستان، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە لەکاتی دیاریکراویدا ٢٠٠٧/٧/٣١ مادەی ١٤٠ بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێ گەرچی لە پرۆژە بریاری ٢٠٠٦/١١/٧ کەرکوک پایتەختە، بەڵام لەبەر ئەوەی نوکە هەر سێ دەسەڵات (پەرلەمان و جێبەجێکردن و دادوەری) لەهەولێرن بۆیە هەولێر کراوە بەپایتەخت و لە ئایندەشدا دەتوانرێ، کە ئەو بەشانە گەڕێنرانەوە بۆ سەر کوردستان ئەوسا پارێزگایەکی دیکە بکرێتە پایتەختی کوردستان.

٤- سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی لەو پرۆژەیەدا وەکو هەرێم و ناوچەوکانتۆن و ویلایەتێکی وڵاتانی سیستەمی فیدراڵی هەیە و بالاترین دەسەلەڵاتی جێبەجێکردنە لە هەرێمەکەدا.

٥- لەهەردووکییان ئەوەی ٢٠٠٢/١١/٧ وە ٢٠٠٦/٩/٢٤ رێکاری چۆنیەتی دیاری نەکراوە چ وەخت و قۆناغەکانی چین، کە پێویستە ریفراندۆمی بۆ بکرێت و دەبێ ئەمە بەپرۆژە یاسایەک لە پەرلەمان یەکلا بکرێتەوە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ، کە مادەی ١٤٠ جێبەجێ نەکراوە .

**لەبارەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش ئەو راوبۆچوونانەم هەیە:**

١- دیباجە درێژەدادرێکی زۆری پێوە دیارەو بەبەراورد لەگەڵ دەستووری وڵاتانی سیستەمی فیدراڵی یا هەرێمەکانیاندا ئەوا دەستوورەکانیان لە چەند دێرێکی چڕ و پڕ تێپەڕ ناکات بۆ ئەوساو ئێستاش پێشنیارەکەمان دووپات دەکەینەوە، کە دیباجەکە دوا پەرەگرافی دیباجەکە (ئامانجی دیباجەکە دەپێکێ) بەچەند وشەیەکی کەم و پڕ مانا ناسنامەی تایبەتمەندێتی گەلی دەردەبڕێ.

٢- چەندین وشە نەک دەیان، بەڵکو پتر لە

دەستوور، کە هاتوون وەکو وشەی هەرێم (١٤٣) جار کوردستان و ١٦٩جار پەرلەمان ٨٨جار و هەندێ وشەی دیکەو دەتوانرێ ئەو وشانە هێندە دووبارە نەکرێنەوە، بەڵکو بەگوێرەی پێویست و لەشوێنی گونجاودا بەکار بهێنرێ نەک ببێتە هۆی درێژەدادڕی لەنێو دەستوورەکەدا.

٣- لەم بارودۆخەو قۆناغی ئێستاماندا ناکرێ دەسەڵاتی (یاسادانان و جێبەجێکردن پێکەوە لە یەک کەسدا کۆ ببێتەوە) (م١٠٤) چوارەم (د) (دەکرێ ئەوەی رادەسپێردرێت بەپێکهێنانی وەزارەت لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان، یان هی دیکە بێت) و(م١٠٩) سێیەم (سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان یان لە کەسانی دی لەوانەی مەرجی ئەندامێتی پەرلەمانیان تێدایە جێگرەکەی و وەزیرەکان دیاری دەکات) واتە پەرلەمانتار (وەزیر) بێت لەیەک کاتدا و ئەو وڵاتانەی ئەمە پیادەو پەیرەو دەکەن ئەوا مێژوویەکی درێژیان لەم بارەیەوە هەیەو ناتوانرێ ئەمە نە کوردستان و نە لە عێراقدا جێبەجێ بکرێ، بۆیە لە مادەی ٤٩ برگەی شەشەمی دەستووری عێراقی فیدراڵی رێگەی نەداوە، کە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە هەمان کاتدا وەزیر بن ئەوەش دەقەکەیەتی (نابێت لە یەک کاتدا کەسێک ئەندام بێت لە ئەنجومەنی نوێنەران و هەر کارێک یا پۆستێکی فەرمی دیکەی هەبێت) ئەوەی هەر پلەو پایەیەکی دیکە وەربگرێ ئەوا دەبێ لە پەرلەمانتاری دەست لەکار بکێشێتەوەو لەجیاتی ئەو لە لیستی پارێزگاکەی یەدەگێک شوێنی ئەو دەگرێتەوە.

٤- لە پرۆژەی دەستوورەکەدا لە ٢٣ شوێندا هاتووە، کە یاسا رێک دەخرێ و لە ٩ شوێن پێویستی بەیاسایە واتە لە ٤٠ یاسا هەندێکیان هەن، بەڵام زۆرینەیان دەبێ لەژێر رۆشنایی ئەو پرۆژەیە لە پەرلەمانی کوردستاندا دوای رەزامەندی لەسەر ئەم پرۆژەیە دابندرێن.

٥- گەر بڵێین دەستووری عێراقی فیدراڵ لە ١٤٤ مادە پێک دێت دەشێ تەنیا هی هەرێمێکی لە (١٦٠) مادە پێک بێت و لە هی فیدراڵی ١٤ پتربێ ئەمەیان شتێکی ئاساییە لەو وڵاتانەی دەستووری فیدراڵییەو هەر هەرێمێکیش دەستوورێکی دەبێ بۆ نموونە لە ئەمریکا ٥١ دەستوور هەیە یەکێکیان فیدراڵی و ئەوانی دیکە هەر ویلایەتێک دەستووری خۆی هەیە بۆ نموونە لە ١٣ ویلایەت سزای لەسێدارەدان هەیە و لە ٣٧ ویلایەت ئەم سزایە نییە و دەستووری ئەمریکا لە ٧ مادە پێکدێت هی ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ١٢ مادە و ویلایەتی هاوای لە ١٨ مادە پێک دێت.

٦- لەم قۆناغە ناسکەی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێ، کە دەبێ هێشتا مادەی (١٤٠) جێبەجێ نەکراوە وای بەباش دەزانم، کە ئەنجامی ریفراندۆم لە قازانج و سوودی گەلی کوردستان نابێ و بۆیە پێشنیار دەکەم جارێ بڕیارێک لە پەرلەمان لەسەر ئەم پرۆژەیە دەربچێ (مەرجداربێ) بەو کاتەی بەشەکانی دیکەی کوردستان گەڕێندرایەوە سەر کوردستان ئەوسا ریفراندۆمی سەرتاسەری لە کوردستان لەسەر دەستوورەکە ئەنجام بدرێ.

٧- بەداخەوە ئەو یاسا و بڕیارانەی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوێندراوە، کە لەکاتی چاپکردنیان لە زنجیرەی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستاندا لای چەپیان نووسراوە (وێنەیەکی تەرجەمەکراوی عەرەبییەکە) گەرچی زمانی کوردی زمانی فەرمییە دەخوێندرایەوەو دواتر لە لایەن فەرمانبەرێک لە پەرلەمان دەکرایەوە سەر زمانی کوردی واتە زمانی کوردی تا ئەو

رادەیەی یەکسانیش نەبووە بەبەراورد لەگەڵ زمانی عەرەبیدا ئەمەیان لە پەرلەمانی کوردستان و پرۆژەی بڕیاری دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق ۲۰۰٦/۷/۱۱ هەر بەتەنیا بەزمانی عەرەبی خوێندرایەوە، بەڵام دوای ۲۰۰٦/٦/٤ هەنگاوی یەکەم دەستی پێکراو هەوڵدراوە کە یاسا و بڕیارەکان تەنیا بەزمانی کوردی بخوێندرێتەوە و تاوتۆ بکرێن، بەڵام لەسەر داوای هەندێ لە پەرلەمانتار بەزمانی عەرەبیش دەخوێندرێتەوە و لە ۲۰۰٦/٦/۲٤ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان عێراق بە زمانی کوردی ئینجا بە زمانی عەرەبی لەنێو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە لایەن ئەندامانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق خوێندرایەوە و بەندە بەرپەرچی ئەوانە دەداتەوە، کە دەڵێن زمانی کوردی بارتەقای زمانی عەرەبی لەم بارەیەوە ناکات، و لە وەڵامدا دەڵێم هۆیەکەی دەگەڕێتەوە کە لە ۱۹۹۲ تاکو نووکەش (گرنگ و بایەخ) بەم لایەنە بەگوێرەی پێویست نەدراوە، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆریش کەمتەرخەمیەکی زۆر لەئارادایە، چونکە تاکو ئێستاش لەگەڵدابێ لیژنەیەک لە پسپۆرو لێزانانی یاسا ناسان بۆزمانی کوردی پێک نەهێنراوە، کە نەک زمانی ڕەسمییە لە کوردستاندا، بەڵکو لەسەرتاسەری عێراقی فیدراڵدا و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بەیاسایەکی تایبەت بۆ (زمان) هەیە هەروەکو لە زۆر وڵاتان و هەرێمەکاندا هەیە (یاسای زمان لە کیبێک لە کەنەدا) و یاسای زمانەکان لە هیندستان تاکو بەرێکوپێکی و بەچاکی و بەتەواوی بەکاربهێنرێ.

۸- دەبێ وشەی بەعسیزم لە مادەی ٤۲دا هەبێ، وناوەکە بهێنرێ و وشەکانی ئەم مادەیە بەهیچ جۆرێ جێگای ئەو وشە ناگرێتەوە ئەمەش دەقی مادەکەیە (ڕێگە بهیچ کیانێک یان ڕێبازێک نادرێت بیری شۆڤێنی، فاشی، ڕەگەز پەرستی، تیرۆریستی، بە کافردانان، پاکتاوی نەژادی یان تایفەگەری بگرێتەبەر، هەروەها هاندەریان بێت، یان ڕێگا خۆشکەریان بۆ بکات، یان بەشکۆمەندییەوە تەماشایان بکات، یان پروپاگەندە یان پاساویان بۆ بهێنێتەوە. دەزگاکانی کوردستان - عێراقیش پابەند دەبن بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەهەموو شێوەکانییەوەو کار دەکەن بۆ پاراستنی خاکی هەرێم لەوەی ببێتە بارەگایان، یان ڕێگەی پەڕینەوەیان یان گۆڕەپانی چالاکییەکان).

چونکە لەسەردەمی هزرو بیری بەعسیزم قڕانکردنی گەلی کوردستان کرا، هەر لە ئەنفالکردن و کیمیاباران و وێران و خاپوورکردنی زیاتر لە ٤٥۰۰ گوند لە ئاوەدانی کوردستان.. بەعسیزم ویستی بەهەموو جۆرو شێوازێک کەسایەتی گەلی کوردستان تێک بشکێنێ و خاکی لە توورەگە بکات و زمانی لێ قەدەغە بکات و ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی بەعسیزم نەژیابێ نازانێ ستەم و زۆرداری چییە؟ بەتایبەتی ئەوانەی وەکو ئێمە ئاسا نەبووینە بەعسی و جلوبەرگی جەیشی شەعبیمان لەبەر نەکرد و بۆیە پتر لە خەڵکی دیکەی ڕۆژانە ئێش و ئازارمان دەچێشت و لە هەڵوێستی وڵاتپارێزانەمانەوە جەخت لەسەر ناوهێنانی وشەی بەعسیزم دەکەین، چونکە پێویستێکی دەستووری مێژوویی گەلی کوردستانە تاکو نەوەکانی داهاتووش ئەم وشەیە بزانن و بناسن، هەروەکو چۆن ئەڵمانییەکان لە ساڵی ۱۹٤٥ تاکو نووکەش بیرو هزری (نازیەت) یان قەدەغە کردووەو تا ئەوڕادەیەی بواری بووژاندنەوەشی نادەن